

# عــەرەفات مــرد، قەزەیــەی فەلەستین زیندووە!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

عەرەفات، یەکێك بوو لە ناسراوترین ڕابەرانی بزوتنەوەیەکی سیاسی ئۆپۆزیسیون لە دنیادا. ئەو ڕابەری بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی بوو. ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی لە ئاستی دنیای عەرەبدا وەکو بزوتنەوەیەکی گەورەو فراوان لەدنیای عەرەبدا، کە لە چەندین وولاتدا دەسەلاتی بەدەستە، بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستو دواکەوتوو، دژ بەمافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵکە. بەڵام یاسر عەرەفات لەهەمان کاتدا نوێنەری یەك خواستو داوای بەرحەقی خەڵکی فەلەستین بوو، ئەویش خواستی پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ لە فەلەستیندا. ئەم خواستەو پەیگیری عەرەفات لەسەری وە بڕیاری ئەوو پابەندبونی بەم خواستەی خەڵکەوە، وە سازش نەکردنی بەم خواستەی خەڵکەوە، وە "نە" گوتنی بە ئەمەریکاو نەهاتنە خوارەوەی لەبەرامبەر خواستی دەولەتی فەلەستینو ئەو دوخواستەدا خواستی قودسو گەڕانەوەی پەنابەران، کردی بە سمبولی خەباتی خەڵکی فەلەستین، وە سمبولێك لەسمبولەکانی حەق تەڵەبی لە ئاستی دنیادا. ئەوەی ئەمڕۆ بۆ عەرەفات دەکرێو تەنانەت دوژمنەکانیشی ناچارن سەرەخۆشی بنێرنو شاندی خۆیان بنێرن بۆ مەراسیمی مردنەکەی، ناچاریەکە پێویستە نیشانی بدەن بەرامبەر بەخەڵکی فەلەستینو لە ئاستێکی گشتیدا بەرامبەر بە خەڵك لەئاستی جیهانی عەرەبدا، لە ئاستی دنیاشدا بەرامبەر بە مافێکی بەرحەق.

مردنی عەرەفات، بەدوای خۆیدا ئاڵوگۆڕیکی بەرچاو دێنێتەپێشەوە لە ئاستی دنیای عەرەبو رۆژهەلاتی ناوەراستدا. عەرەفات ئەو چەسپە بوو کە هەموو هێزەکانی نێو گۆرەپانی فەلەستینی پێکەوە ئەبەستەوەو لە هاوسەنگی هێزێکدا ڕایگرتبوون. ئەم چەسپە مرد. بەم پێیە ئیسلامی سیاسی زیاتر گۆڕپانی سیاسی فەلەستین بۆ خۆی ئاوەلاتر دەبینێت، حکومەتی فاشستی ئیسڕائیل دوژمنێکی سەرسەختی مرد، بەم پێیە فشار زیاتر دەهێنێت بەتایبەت لەسەر مەسەلەی قودسو گەڕانەوەی پەنابەران کە هەردوکیان دوو مەسەلە بوون عەرەفات لەبەرامبەریاندا سازشی نەکرد. عەرەفات

سمبولێکی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بوو، بە قەزییەی فەلەستینیەوە ڕووی زۆربەی سەرکردە عەرەبیەکانی سپی کردبوو، لەژێر ناوی کۆمەك بە خەڵکی فەلەستین‌و پاریزگاری لە قەزییەی فەلەستین. ئەمڕۆ عەرەفات مرد. بۆ حکومەتانی قەومی عەرەبی مردنی عەرەفات دووسەرەیە، لەلایەك سەرکردەیەکیان لەدەستدا، کە دەیانتوانی بەهۆیەوە گەمە بە قەزییەی فەلەستینەوە بکەن‌و خۆیان وا نیشان بدەن لەئاستی رەئی گشتی دنیای عەرەبدا کە لەگەڵ قەزییەی فەلەستینن. بەڵام لایەنێکی تری ئەوەیە لەمەودوا، توانایان بەسەر هەر سەرکردەیەکی تری هەڵبژێردراودا زۆر زیاتر دەبێت‌و فشارەکانیان زیاتر جێگە دەگرێت، ئەم لایەنەیان بۆیان پۆزەتیڤە، بەلام لایەنی یەکەم پڕکردنەوەی گرانە کە بۆ ئەوان نێگەتیڤە. بەهەرحال عەرەفات مرد، بەڵام قەزییەی فەلەستینی ماوە، بەمردنی عەرەفات قەزییەی فەلەستینی نامرێت، بەڵکو خەبات لە پێناو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ وەکو داوایەکی بەرحەقی خەڵکی فەلەستین، دوای عەرەفات گوڕو تینێکی زیاتر دەدات بەخۆی. سەرەڕای هەر مەوقعیەتێك کە ئیسلامی سیاسی‌و فاشیزمی ئیسرائیلی دەیان بێت.